# له ڕۆژی خۆشەویستی دا ، خۆشەویستی له کوێ یه ؟

**ڕزگار عومەر**



له دونیای ئه‌مرۆدا ، زۆر له دیارده‌و گۆڕانه‌کان ، سه‌ره‌ڕای پێچه‌وانه بوونیان یان ئاوێته‌ی یه‌کتر بوونه ، یان به‌رگی یه‌کتریان له به‌رکردووه . ڕه‌ش به ناسنامه‌ی سپی به په‌نا ده‌ستی په‌لکه زێڕینه‌ی به‌هار دزه ده‌کاو تێده‌په‌ڕێ ، ڕق و کینه وه‌کو گه‌واڵه‌ی کوێر، وه‌کو شێری پف کراو به حیکمه‌تی دارستان ، پێ له ژیان ده‌نێن و به‌گرمه گرم ، خۆشه‌ویستی و چاوه‌ڕوانیه‌کان ده‌شێلن .

خه‌نجه‌ری تینوو به سڕینه‌وه‌ی مرۆڤێك و دووان ، ته‌نیا به‌خه‌نجه‌ر بوونی خۆی واز ناهێنێ ، به‌ڵکو خۆی لێ ده‌بێته قه‌ڵه‌م و چ بێ ئه‌مه‌ك خۆی له ئه‌تك کردنی گۆڕانیه‌ك یان په‌خشانێك تێر ده‌کا . سه‌ربازی ته‌کنه‌لۆژیا به ده‌ست له ژێر ناوی پۆست کردنی دیموکراسی ، قه‌سابی مه‌ست بوو به تاوانه‌کان و ئه‌فسانه‌کانی ئاین له ژێر ناوی شه‌ڕ له پێناوی خوادا ، ڕۆژانه هه‌ردووکیان مرۆڤه‌کان ده‌که‌نه ژماره‌ی ساردو سڕی ئاماری کوژراوه‌کان و قسه‌یه‌ك له سه‌ر کۆترێکی سپی و ده‌نکه زه‌یتونێك نیه ، له‌و لاشه‌وه له جیاتی گوڵ و په‌پووله ، به‌به‌رچاوی هه‌مووان ، ئایدز و مێش ، وه‌کو گه‌له گورگی سه‌رده‌مانی قات و قڕی ، گه‌وره‌و بچوکی به‌شێکی دانیشتوانی ئه‌م گۆی زه‌مینه لوول ده‌دا و قسه‌یه‌ك له‌سه‌ر خۆشه‌ویستی ژیان و مافی بوونی پاره‌ی ده‌رمان و مافی مانه‌وه نیه !

نزیکه‌ی **16** ساڵ له‌مه‌وبه‌ر ، له سه‌رده‌مێکدا که هه‌زار هه‌زار که‌س له خۆشیا ده‌گریان و به چه‌کوش ئالآبوونه ڕووخاندنی خشت به خشتی دیواری به‌رلین ، کامیرای ڕۆژ ئاواو زلهێزه‌کانی دونیا ، وێنه‌ی ئه‌م شادیه‌ی ده‌گرت و مۆژده‌ی به دونیا ده‌دا که‌وا خۆره‌تاو دونیایه‌کی تر به‌ڕێوه‌یه ، ساڵ هات و چوو ، چه‌ندین کوشت و کوشتاری گه‌وره‌ی ده‌وڵه‌ت و ده‌وڵه‌ت ، میلله‌ت و میلله‌ت ، به سه‌ر دونیادا تێپه‌ڕی و ئه‌م به‌هارو مۆژده‌یه‌ش هه‌ر نه‌گه‌یشت ، ساڵ به ساڵ له دونیای چاوه‌ڕێ بوونێکی سه‌پێنراودا ته‌قویمه‌کان فڕێ ده‌دین و ته‌قویمی تازه هه‌ڵده‌واسین ، ئه‌وه‌ی کۆنه‌که له گه‌ڵ توێکڵ و پاشماوه‌ی خواردنی سه‌ر سفره‌که‌مان فڕێ ده‌دین و ئاگامان لێ نیه چ به ئاسانی ڕۆژه‌کانی ته‌مه‌ن و ژیان ده‌بنه هه‌ندێ ژماره‌ی فڕێ دراو ، ئاگامان لێ نییه چ له لایه‌ن ئێمه‌وه چ له لایه‌ن ئه‌وانه‌ی دوێنێ چه‌کوش به ده‌ستی ڕووخاندنی دیواری به‌رلین بوون ، له‌سه‌ر ئه‌م هه‌موو دیواره تازانه نێوان ئه‌م میلله‌ت و ئه‌و میلله‌ت ، نێوان مرۆڤه‌کان قسه‌یه‌کی تازه نیه !

له نێو ته‌پ و تۆزی ئه‌م سه‌رده‌مه ترسناکه‌ی دونیادا ، ڕه‌نگه بۆ ئه‌مرۆ ئه‌م وه‌رزی بێ ده‌نگیه‌ی درێژه‌ی هه‌بێ و به ئه‌به‌دی بێته به‌رچاو ، به‌لآم مرۆڤایه‌تی وه‌کو سیفه‌تی زگماکی خۆی ، حه‌زی مانه‌وه و به‌رده‌وام بوون ی له گه‌ڵدایه ، خۆشه‌ویستی بۆ ژیان و ئارامی له گه‌ڵدایه ، مۆژده‌ی درۆینه هه‌بێ یان نه‌بێ ، به‌ڵێن هه‌بێ یان نه‌بێ ، دژ به چاوه‌ڕێ کردن ، دژ به مانه‌وه له یه‌ك وه‌رزدا ، ده‌ست به بچووکترین نووزه ده‌گرێ و درەنگ یا زوو چاری نییه‌و ده‌رگایه‌کی تر به ده‌ستی خۆی له خۆی ده‌کاته‌وه ، ڕه‌نگه ئه‌مڕۆ وه‌کو گۆرانی بێژه‌که هه‌مووتان پێم بڵێن خه‌یالآن

**دەکەی ، بەڵام خۆ هەر من نیم وا دەڵێم ، ڕەنگە بەڕۆژێك بگەین سەر گۆی ئەم زەمینە لە غەیری وەرزی خۆشەویستی و شاری پڕ منالٌ ئاسمانی شین هیچی تری لێ نەبێ !**

**وەرزی خۆشەویستی / 2005**

**ڤانکۆڤەر**